# ئەمریکا وەك داگیرکەرێك مامەڵە لە گەڵ دەسەڵاتی باشووری کوردستاندا دەکات

هیشام ئاکرەیی



کاتێك ئەمریکا ڕازی بوو لەسەر یاسای (داگیرکاری) و بە بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان ببێت بە (داگیرکەری) عێراق ،دەی زانی چیی دەکات، ئەگینا وشەی داگیرکار وشەیەکی ئەوەندە جوان و خۆش نییە ئەمریکا قبوڵی کات.
لە سەرەتای ڕۆخانی ڕژێمی سەددام حسێندا، زۆربەی هێزەکانی عێراقی و کوردی بە ئەمریکایان دەوت (هێزی ڕزگار کەر). کاتێك ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕەسمی قبوڵی کرد ببێتە هێزێکی (داگیرکەر) ئەو کارەیان پێ سەیر بوو و تاوەکوو ئێستاش لایەنە کوردیەکان لە دڵیان نایە بە ئەمریکا بڵێن داگیرکار، لە کاتێکدا خودی ئەمریکا بە خۆی دەڵێت (داگیرکەر).
هەڵبەتە ئەمریکا شێت نییە و دەزانێت چی دەکات. یاسای داگیرکاریی چەندین ماف بە ئەمریکا دەدەات، گرنگترینیان لەوانەیە ئەوە بێت کە ئەمریکا دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی و بە بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان جموجوڵ بکات. بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو عێراق بە حکومەتیشەوە لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا دەبێت. هەرچەندە یاسای داگیرکاری ئەرکیش بەسەر ئەمریکادا دەسەپێنێت بەڵام ئەمریکا زیاتر بەدوای مافەکانی خۆیدا دەگەڕێت.
قبوڵکردنی ئەمریکا بە بوون بە هێزێکی داگیرکار واتای ئەوەیە کە ئەمریکا هیچ گرنگییەك بە مافەکانی گەلان و مرۆڤ نادات و بەرژەوەندیەکانی لەسەرووی هەر شێتکن، ئەگینا کێ قبوڵ دەکات بە شێوەیەکی ڕەسمی ببێتە داگیرکەر و ئەو ناوە پیسە بێنتە سەر خۆ؟!
هەرچەندە لە عێراقدا حکومەتێکی ڕەسمی دامەزراوە و بە گوێرەی یاسا پێویستە ئەمریکا دەسەڵاتی داگیرکاری نەمابێت و ئەو بە ئەمری حکومەتی عێراق و کوردستان کاربکات بەڵام، ئەمریکا لە عێراقدا هەر وەك داگیرکەر کاردەکات و بە ئارەزووی خۆی جموجوڵی سەربازی دەکات و هەموو کارەکانی خۆی سەربەخۆیانە ئەنجام دەدات. بەڵکوو خەڵك دەگرێت و ئازادیشیان دەکات بە بێ ئەوەی بە حکومەتی عێراق بڵێت. چونکە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عێراق و هەروەها دەستووری عێراق ئەو وەڵاتە بە یەکێتییەکی ئیداری دادەنێت، بۆیە ئەمریکا هیچ حیسابێك بوو دەسەڵاتی باشووری کوردستانیش ناکات و هەموو شتێك لە باشووری کوردستانیش دەکات و هیچ قیمەتێك بە حکومەتی کوردستانیش دانانێت.
لێرەدا خاڵێکی گرنگ پێویستە قسەی لەسەر بکرێت، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر ئەمریکا وەك داگیرکەرێك لە کوردستانیش هەڵسوکەوت بکات، ئەی بۆ پارتی و یەکێتی پێ دەڵێن هاوپەیمان؟ یان ئەگەر کوردەکان بۆ ڕزگارکردنی عێراق هاوکاری ئەمریکایان کردبێت، ئەی بۆ ئەمریکا هیچ نرخێك بۆ سەرانی کورد دانانێت؟ ئایە پارتی و یەکێتی دەتوانن بڵێن ئەمریکا هاوپەیمانی ئێمەیە؟ ئایە داگیرکەرێك دەتوانێت ڕزگارت بکات؟
گرتنی نووسینگەی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە بە بێ ئەوەی پرسیار بە حکومەتی کوردستان بکرێت، هەروەها هێنان وبردن و دامەزراندنی بنکەی سەربازی ئەمریکی لە کوردستان بەبێ ئەوەی پرسیار بە حکومەتی کوردستان بکەن، نیشانەی ئەوەن کە ئەمریکا لە پراکتیکدا نە لە هێزی سەربازی کوردستان دەترسێت و نەش تەنسیق لە گەڵیان دەکات. ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەمریکا وەك هێزێکی داگیرکەر لە کوردستانیش هەڵسوکەت دەکات.
لێرەدا چەند پرسیارێك دێنە ئاراوە/ ئایە ئەمریکا دەیەوێت کوردستانیش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ داگیربکات وەك عەرەبستانی عێراق؟ ئایە داگیرکردنی کوردستان لە لایەن ئەمریکاوە بە بێ ئەوەی تەنسیق لە گەڵ کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت واتای ئەوەنییە کە ئەمریکاش بە هەمان شێوەی تورکیا و ئێران وسوریا و عێراق مامەڵە لە کەڵ کورد دەکات؟ ئایە ئەمریکا لەبەر تورکیا دەسەڵاتی باشووری کوردستان لاواز نا کات؟ ئایە دەسەڵاتی کوردستان هۆی سەرەکی ئەم سووکایەتی پێ کردنەی ئەمریکا نین؟ ئایە ڕازی بوونی کورد بە مامەڵەکردنی بێ مەرج لە گەڵ ئەمریکا هۆی ئەم سیاسەتەی ئەمریکا نییە؟ ئایە سەرکەوتنی ئەمریکا یان دۆڕاندنی لە عێراقدا لە بەرژەوەندی کورد دایە؟ ئایە ئەمریکا ئامادەیە عێراق بە جێ بێڵێت وەك دەڵێت؟؟ یان تەنیا ئەگەر ئەمریکا شکستی هێنا لە عێراقدا ئەو کاتە ناچار دەبێت کورد وەك هاوپەیمانێك وەربگرێت و بنکەی سەربازی بە ڕەزامەندی کورد لە کوردستاندا دروست بکات؟؟
ئەوەی ئاشکرایە ئەمریکا خەریکە کوردستان داگیردەکات و وەك داگیرکەرێك مامەڵە لە گەڵ باشووری کوردستان دەکات و هەر کاتێکیشس ئەمریکا ناوچەکە بەجێ بێڵێت کوردستان تەسلیم بە داگیرکەرێکی تر دەکات!.

# شاردنەوەی شکستی سیاسی و پەنا بردن بۆ نەژادو ڕەگەز پەرستی

بارزان شوان– – سوید–
uvnbas@hotmail.com



بەشی یەکەم

دوابەدوای پاراستن و داکۆکی کردن لە بنەما دیموکراتیەکان و سەقام گیری و ئارامی لە ولاتی عێراقی فیدراڵدا کە لە لایەن ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە دێر زەمانێکە نەخشەیەکی تایبەتی بۆ ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق بە تایبەتی دارشتوە.
وا ئێستاکێ لاپەڕەیەکی دی نوێ خەریکە دەکرێتەوە، ئەویش بە لاپەڕەی ڕەگەزپەرستی و نەژاد پەرستیو تایفەگێڕێتی نازناوی دەرکردوە، بێگومان دوای ئەوەی کە سیاسەت و ڕێنمایی ڕامیاری ئەمریکیەکان لە عێراقدا شکستی هێنا و شەڕخوازەکانیش هەر ڕۆژە بە بیانوویەکەوە لە کارە تیرۆریستیەکانیان بەردەوامن و تاقمە حیزبیە سەر بە میلیشیەکانیش ڕۆژانە تا پێیان بکرێت بە خوێنی یەکتری تێر ناخۆنەوە و خەڵکانی بێ تاوانیش لەو نێوانەدا بوونە بە سوتەمەنی بۆ مانەوەی ئەم گروهە سیاسی و میلیشی و تیرۆریستانە، هەروەها بە پێی بەڕێوەچوونی ئەو یاسا نوێیەی کە زۆربەی زۆری دەسەلاتداران و ڕۆشنبیرانی عەرەبی کە ئەورۆ داکۆکی لێدەکەن و هەر یەك لەوان بە پێی ئەو مەرام و بەرژەوەندییانەی پێکەوەیان دەلکێنێت لێی دەدوێن، نابن بە پاڵپشتێك وئەو ئەزمونە دژوارە گەلێك باشتر ناکات کە بە سەر گەلانی عێراقدا تێدەپەڕیت، هەتا ئەو ڕۆژەی بە ناوەندێك لە ڕۆشنبیرانی عارەبی تەنها مەرامیان ڕەزامەندی سەرکردەو دەسەلاتدار و حاکمە سیاسیەکانیان بن، بێگومان پاشەڕۆژی ولاتەکانیشیان لە ڕۆژگاری ئەورۆی عێراقدا باشتر نابێت.
سەلماندنەکەشی ئەوەیە کە گەلانی عێراق بە گشت کۆمەڵگاو ڕێکخراوە جەماوەرییەکانەوە تا ئەورۆش شایەنی هەڵگری بەیداخی دیموکراتیەت نیەن و جارێ گەلێك زووە گەلانی ئەو ولاتە بتوانن خۆیان بە دیموکراتیخواز بناسێنێن. بەڵکو جگە لەوەش ڕۆشنبیرانو دەسەلاتدارانی ئەو ولاتە تا ئێستاش هەر نازانن ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەمافی مرۆڤەوە وەك یاسا نووسراونەتەوە، بێگومان یەخەی ئەوان هەر ناگرێتەوە، ئەو دوو بابەتە هۆکارێکی گرنگن بۆ وەدیهێنانی پاشەڕۆژێکی پڕشنگدار ، کە ببنە هاتنە کایەوەی گۆڕانکارییەکی سەرەکی بەرەو چەسپاندنی قۆناغ و بنەما تازەکانی سەر بە سەکۆ دیموکراتیەکان.
لەڕاستیدا یەك چارە هەیە ئەویش سەردانەواندنە بۆ دەولەت، ئەو دەولەتەی دووچارە بە بنەما یاساییەکانی خۆی کە داینراون پابەند بێت، بێگومان لێرەدا مەبەستم بەرپا بوونی یەك یاسایە ، نەك ئەو یاسایەی کە سەر شۆڕ بکات بۆ کۆمەڵێك خەڵکانی سەر بە تاقمە تایفەگەرەکان و پیاوانی ئاینیی و عەشایر گێڕێتی، ئەو ملکەچیەی کە گشت تاقم و توێژەکانی چینە جیاوازەکانی گەل نەگرێتەوە ، بەڵکو تەنها دەسەلاتداران و پیاوانی ئاینیی و سەرەك عەشرەتەکان و جێگرەکانیان بگرێتەوە. کە تووڕەیی ڕووەو هەژارو بێ دەرامەتەکان لە لایەك و خەندەو هۆگری ڕووەو دەسەلاتداران لەلایەکی ترەوە بنوێنێت . بێگومان ئەوە بە کورتی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەی پیبێکەر هامیلتۆنە، کە تیایدا هاتوەو دەڵێت جێبەجێ کردنی دیموکراتیەت لەو ولاتەدا دەبێت دوا بخرێت و سەرنجو بایەخ تەنها بە ئاسایش و ئارامی بدرێت!، ئەویش هەر بۆ ئەوەی ئەمریکا دوا بە دوای بە سەقام گرتنی ئەو ئارام بوونە بەڵکو زووتر بتوانێت لە عێراقدا پاشەکشێ بکات و خۆی لەو داوەی کە بۆ خۆی دانابۆوە دوور بخاتەوە.
ئەو جۆرە هزرو هۆش و بۆچوونانەش لە ڕووی ڕامیارییەوە گەلێك ناماقوڵن. یەکەمیان ئەوە بوو کە کاتێك ئەمریکا هات و عێراقی ڕزگار کرد، بە کارێکی ئەزموونی دەژمێردرێت و ئارمانجی ئەمریکاش تەنها بۆ بەرپا بوونی دیموکراتیەت بوو لە ولاتێکدا کە تەنها دیکتاتۆرێك بە ئارەزووی خۆی یاسا چەوتەکانی سەر بە ڕژێمەکەی بەڕێوە دەبرد، کەچی هەر بە خۆی ئەمریکا ئەو مەبەستەی بۆی هاتبوو ڕەتی کردەوەو خۆی بە داگیرکەر ناو برد. قسەلۆکەکەی تر وا دەڵێت کەوا ئەو داگیرکردنەی ئەمریکا تەنها بۆ بلاو کردنەوەی دیموکراتیەت نەبوە، بەڵکو لە پشت ئەو بۆچوونەدا مەرامی شاردراوەو ون بوو هەبوون، بۆ نموونە لە ناو بردنی هێزێکی سوپایی مەزن لە عێراقدا کە سەددامی دیکتاتۆر سەرداری بوو، ئەو سوپا سەربازیە مەزنەش هەم بۆ ئیسرائیل وە هەم بۆ ناوچەکەش دژوار و خەتەرناك بوون، هەروەها بۆ بەرپابوونی ولاتێکی بەرین و بە نرخ و شانو شەوکەت کەش کە بتوانێت شان لە شانی ولاتانی دی جیهان بدات و ڕاستەوخۆ دژ بە تیرۆر و کوشتارو ڕفاندن بێ سڵ کردنەوە بوەستن.
ئاخافتنەکەی سێهەم دەڵێت کەوا ئەو پێکداچوونەی لە نێو خودی میللەتانی عیراقدا هەیە تەنها بە نەهێشتنی هێزی سیاسی و سەربازی و ڕووخاندنی دام و دەزگا دەوڵەتیەکان نابێت، مەبەست لەو جۆرە ڕەوشەش ئەوە نەبوو کە میلیشیاکان بێن و جێگەی دام و دەزگا دەوڵەتیەکان بگرنەوە، بەڵکو ئەو ڕەوشەی کە لە دوای ڕژێمی پێشووی عێراق هاتە کایەوە، بووبە هۆی ئەوەی کە تایفە گەڕی و ئۆل و پیاوانی ئاینیی و سیاسی تێکەڵ لە شیعەو سوننە درووست بکات، ئەم کاردانەوەیە لە سەر ئیدارەی ئەمریکی بە نەرێتی کەوت و بووبە هۆی ئەوەی کە ڕەگەز پەرەستی ئاینیی وسووکایەتی کردن بە یاسای نێو دەوڵەتی و ژێری بیر و سیاسەت و جەنگ و هەستێکی نا ڕاست بخولقێنێت . بەلام دواکەوتوویی بەشێك لە کەسانی سەرکردەکانی میلیشیەکان و تێکەڵ بوونی ڕۆشنبیریی گشتی و ئاینیی و ڕەوشتی ئەخلاقی، بوونە زیاتر خۆش کردنی ئاگرەکە. وا پێ دەچێت کە ئەویش ببێتە هۆی خۆشکردنی شەڕی ناوخۆ و کوشتن و ڕفاندن، ئەویش بێ گومان کاردانەوەیەکە بۆ سروشت و ڕەوشی میللەتانی عێراقی موسوڵمان و نا موسلمان، ئەو کەسانەی کە مانای یاساو ولات پارێزی نازانن، بەڵکو نرخی ژیانی مرۆڤیشی تیایدا پێشێل کران، هیچ کارێك وایان لێ ناکات کە واز لە کوشتن و لەناوبردن بهێنن و خەڵکانێکی بێگوناهیش لە سەر پسوولەو شوناسنامەی ناو بەرکیان ڕۆژانە بکوژرێن، دژواری و سەختی سەپاندنی دیموکراتیەت لە لایەك و دەست تێوەردانی ولاتانی بێگانە و دراوسێکانی سنووری عێراقیش لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بێت و بە سوودیش بۆ سەر گەلانی عێراق بگەڕێتەوە ئەوا تەنها بۆ بەرژەوەندی دەرەکی ئەو ولاتانەیە کە تا بۆیان بلوێت لە ویەکسانی و گرتنە مافە ڕەوایانەی گەلانی عێراق بە تایبەتی گەلی کورد هەرگیز سڵ ناکەنەوە ، ئەویش هەرچەندە پێشبینیە سیاسیەکانیشیان بۆ ئەو دەست تێوەردانە ناشایەستانە نەیەنە جێ گرتن.
ئەو کارانە گشتیان دەبنە هۆی شاردنەوەی داکۆکیە نوێیەکان و پەردە پۆشینە لە سەر داگیرکردنی ولاتانی بە هێز و بە گەورەکردنی ئەو شەرمانەیە کە گرێدراون بە ڕۆشنبیریی سیاسی و ویژدانی، ئەو شانوشەوکەتە شکستەیەی ئەمریکا لەو ولاتەدا دەگەڕێننەوە بۆ ئەو هەموو نا ئارامیەی کە ئەورۆ لە عێراقدا بە دی دەکرێت، ئەو کارانە لە لایەن هیچ گرووەێك و مرۆڤێکی ئازاد بە ڕەوا ناژمێردرێتو ناکرێت ئەورۆ ئەو کەسانەی کە تا دوێنێ لە ژێر دامو دەزگا داگیرکەرەکاندا دەیان نالاند ئەورۆ لەسەر بابەتی ڕەگەزپەرەستی بکوژرێن و سەرنگوم بکرێن، هەر لە بەر خاتری بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی شاش و نەشیاو بۆ گەلانی عێراق، بەگژدا چوونی تایفەگەڕێتی یاخود بنیاتکردنی سیاسەتی ئاینیی کوێرانە، هەرگیز بە شوناسنامەی گەلان نایەتە ژماردن. هەرگیز پەیوەندیان نییە بە ڕۆشنبیری لاساییانە یاخود هزری پێشڤەچووی نوێ، بەلام نەمانی سیاسەتێکی قانوونی یاسا داڕێژراو دەبێتە ڕێنماییەك بۆ نەمانی بەرنامەیەکی سیاسی شیاو و دیار کە بەرژەوەندی گشتیی تیادا پارێزراو کرابێت، گەڕانەوەی دەسەلات بۆ چەند کەسانێکی ناسراو کە لە ژێر پەردەی ئاینیی یاخود تیرەیی خۆیان نوقوم کردوەو شاردۆتەوە، بێگومان دەبێتە هۆی نا ئارامی و بەڕێوەچوونی سیاسەتێکی یاسایی ساکار، کەواتە دانیشتن ناکرێت بکرێت لە گەڵ ئەو خەلقانەی کە ڕاستەوخۆ سیاسەتی چەوتی ڕەگەزی ئاینیی و تاییفەیی دەگێڕن.
بۆگەڕانەوەی یەکسانییەکی بنەڕەتی و پێشکەفتنێکی جڤاکی بێگومان، پێویست دەکاتو بەکارێکی سروشتیش دەژمێردرێت کە بەرژەوەندی چەند کەسانێك پشت گوێ بخرێت و کاروبارەکانیان بوەستینرێن، هەرچی پایەو دەسەلاتیش هەیە لێیان بە زۆریی بێت یان بە ئاشتی بپچڕێندرێت، جا با هەر پایەیەکیشی هەبێت یان هەر پلەیەکی دەوڵەتی هەبێت، ئەم کارە سیاسەتی ئابوری و کۆمەلایەتی وئاینیی بۆ ڕێگا ساکارەکەی خۆی دەگەڕێنێتەوەو دەبێتە هۆکاریکی شیکاری سیاسی و یاسایی. ئەم ڕەوتە سیاسیە هەرچەند بە ڕێگایەکی ئاشتی خوازانە جێ بەجێ بکرێت هێندە باشترە، خۆ دوور گرتن لە شەڕو شۆڕ و گرژی، بێگومان قازانجێکی نەتەوایەتی گشتیە، خۆ ئاشکرا دیارە ئەم ڕەوتە سیاسیە بە سەر گشت ئەو میللەتانەدا دەسەپێت کە گەلانی جوداو تیرەو هۆزی جودا لە یەك کۆمەڵگای هاوبەشدا کۆ دەکاتەوە، هەروەها دەکرێت بەسەر ئەو کۆمەڵگانەدا بەڕێ کرێت کە لە گۆماوی ڕەگەزایەتی و تیرەگەڕێتیدا دەتلێنەوە، بەو شێوەیە چوارچێوەو بناغەی مەدەنی و حزبی و کۆمەڵەو ڕێکخراوە جەماوەریەکان بۆ یەکسانی مرۆڤایەتی ڕاستەقینە جارێکی کە دەگەڕێتەوە.
شاردنەوەی شکستی سیاسی و پەنا بردن بۆ نەژادو ڕەگەز پەرستی.

